# ئایا ئەنقەرە نازانێت کە تێکڕای عێراقییەکان بەشداری ڕاپرسی کەرکووکیان کردووە؟



جەمال عەبدوڵلا

* ئەوکۆنفرانسەی کە لە ئەنقەرە وبەپێی قسەکانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ڕێکخراوە لە دەستووردان و خۆهەڵقورتانێکی تردا بەشێکی ئامادەبووانی ئەم کۆنفرانسە داوای ئەوەیان کردووە کە پێویستە بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی کەرکووک تێکڕای عێراقییەکان بەشداری ڕاپرسی بکەن. کەوا سووری پێش لەشکری ئەم تەرحەی ناو ئەو کۆنفراسەش حەمید موتلەگی یاریدەدەری سکرتێری بەرەی دیالۆگی نیشتمانی بووە.

* لەلایەکی ترەوە و بەپێی هەندێ سەرچاوەی هەواڵ تورکیا خۆی بۆ لەشکرکێشییەکی تر بۆ کوردستانی عێراق ئامادە کردووە و بیانوشی بۆ ئەم مەبەستە لێدانی پەکەکە و پاراستنی تورکمانە!

* جارێ پێش هەر شتێک سەرکردایەتی سیاسی خەڵکی کوردستانی عێراق هەتا ئێستا ڕێگەیان بەخۆیان نەداوە و بە مافی خۆشیان نەزانیوە کە دەستوور بدەنە ناو ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندی بە ئەنقەرە و ناوخۆی تورکیاوە هەیە و بەمافی خۆیشیانی نازانن ئەم کارە بکەن و هەموو کاتێک ئەم سەرکردایەتییە خوازیاری باشترین پەیوەندی دۆستانە بوون لەگەڵ تورکیای دراوسێ و لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە یەکتر و مەنفەعەتی هاوبەش و بنەماکانی باشی دراوسێیەتی، بەڵام ئەگەر تورکیا ڕێگە بەخۆی بدات کە بەم جۆرە دەست وەربداتە ناو کاروبارە سیاسییەکانی عێراق و کوردستانی عێراق، ئەوا دەشبێت چاوەڕوانی مەبدەئی(المعاملة بالمثل)یش بکات چونکە لە دنیای پەیوندیەکاندا ئەم مەبدەئەشی تێدایە!

ئەگەر تورکیا ڕێگە بەخۆی بدات لە ئەنقەرەوە دەست وەربداتە کەرکووک و هێرش بۆسەر ئیحساسی سیاسی حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی سیاسی خەڵکی کوردستان ببات، ئەوا هەریەک لە بەغداو هەولێریش دەتوانن ئەم کارە بکەن. هەولێریش دەتوانێت کۆنفرانس ساز بکات بۆ کۆمەڵێک ڕێکخراوی ناحکومی وگروپ و دەستەو کەسایەتی جیاجیای ناو تورکیا و تێیدا باس وخواسی ژیانی خەڵکی کوردستان لە دیاربەکر و وان و موش و هەکاری و دەرسیم بکات، هەولێریش دەتوانێت کۆنفراس ساز بکات و تێیدا باسی ئەوە بکرێت کە بۆچی هەتا ئێستا بەشێکی گرنگ لەئەوروپا چوونە ناوی، کەچی تورکیا بۆ یەکێتی ئەوروپا ڕەت دەکەنەوە!

هەولێریش دەتوانێت، کۆنفرانس ساز بکات و لە سۆنگەی تیرۆرکردنی سەرنووسەری ڕۆژنامە ئەرمەنییەکەوە وەزعی ئازادیی بیروڕا لە ئەنقەرە هەڵسەنگێنێ!

* ئەگەر ئەنقەرە هەر زۆری پێخۆشە وسوورە لەسەر ئەوەی کە دەبێت چارەنووسی کەرکووک تێکڕای عێراقییەکان ڕاپرسی بۆ بکەن، هەق وایە ئەنقەرە ئەو ڕاستییە بزانێت کە تێکڕای عێراقییەکان ئەم ڕاپرسییەیان کرد! ئەی هەر نزیکەی سێ بەشی عێراقییەکان نەبوون کە دەنگیان بە بەڵێ بۆ دەستووری عێراق دا؟ ئەی هەر لەناو ئەم دەستوورەشدا نەهاتووە کە هەموو ئەو ناوچانەی ململانێیان لەسەرە بە کەرکووکیشەوە بەپێی مادەی ١٤٠ی ناو ئەم دەستوورە یەکلایی دەکرێتەوە و چارەسەر دەکرێت؟

ئەی ئەمە ڕاپرسی نەبوو؟ تورکیا چیی دیکەی دەوێت؟

* بۆ لەشکرکێشی و بیانوی ئەم لەشکرکێشییەی کە گوایا پاراستنی تورکمانەکانە ئەنقەرە باش دەزانێت کە مافی برا تورکمانەکان لە کوردستانی عێراقدا هەتا چ ڕادەیەک پارێزراوە و ڕێزی لێگیراوە و بۆ ئەم مەبەستە زیاتر لە جارێک لیژنەی کۆکردنەوە و گەیشتن بە ڕاستییەکانیان بە شێوەیەکی مەیدانی سەردانی کوردستانی عێراق و کەرکووکیان کردووە، ئەو کاتەی سەدام حوسێن مابوو تورکمانەکان بە جوملە لێیان لەسێدارە دەدرا و لە دەستووریشدا دانیان پێدا نەنرابوو ناویشیان نەهاتبوو، ئەوەشی وازی لە قەومیەتی خۆی نەهێنایە و خۆی نەکردایەتە عەرەب ئەسڵەن بۆی نەبوو لە کەرکووک دابنیشێ و دواتریش چارەنووسی بەرەو نادیار دەڕۆیشت، هەق بوو ئەوکاتە ئەنقەرە هەڕەشەی لەشکرکێشی بکردایە و ئەو کاتە تورکمانەکانی بپاراستایە نەک ئێستا کە وێنەی ئەتاتورک و تەنانەت هەندێ دروشم و وتەی شۆڤێنیستانەش بە ئازادی لە کوردستانی عێراقدا هەیە و دەوترێ و دەوترێتەوە!

* خۆزگە تورکیای دراوسێ باشتر ڕەفتاریان دەکرد و ڕێزی بەرژەوەندی هاوبەش و ئەو سنورە نێودەوڵەتییەیان دەگرت کە لە نێوان عێراق و تورکیادا هەیە چونکە ئەگەر ئەوان ڕێگە بە خۆیان بدەن و بە دەستپێشخەری خۆیان سنوور نەهێڵن و سنوور نەهێڵانەکەشیان تا کەرکووک بڕوات، ئەوا خەڵکی تریش دەتوانێت بە ئسلوبی خۆی جگە لە بەرگریکردن لە خۆی کە مافێکی ڕەوای خۆیەتی، خۆی بگەیەنێتە دیاربەکر و دەرسیم! چونکە سنوور نەماوە و تورکیاش ئەم سنوورە ناهێڵێت!